# راگەیاندنی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی گیان لە دەست دانی هاوڕێ شەهاب خەلیلی

بە داخێکی گرانەوە رایدەگەنین کە سەر لە ئێوارەی رۆژی شەممە ١٧ی پوشپەڕ دڵی هاوڕێ شەهابی خەلیلی تێکۆشەرێکی لە مێژینەی کۆمەڵە و ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ئاکامی سەکتەی قەلبی لە لێدان کەوت.
هاوڕێ شەهاب دوای دەورەیەك تێکۆشانی نەهێنی ساڵی ١٣٧٢ هاتە ناو ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە. هەر لە سەرەتاوە دەورەیەکی فێرکاری پزیشکیاری سەرکەوتووانە تێپەڕ کرد و دوای ماوەیەك بوو بە بەرپرسی ناوەندی دەرمانی کۆمەڵە.
هاوڕێ شەهاب لەم ساڵانەی دوایی دا وەکوو پەنابەر لە وڵاتی تورکیە دەژیا و سەرە رای هەلومەرجێکی دژواری ژیان کە تێیدا بوو هەڵسوڕاوانە ئەرکەکانی سیاسی و حیزبی خۆی بە ئەنجام دەگەیاند. هاوڕێ شەهاب شۆرشگێرێکی مەتین و پشوو درێژ و جیدی بوو. گیان لە دەست دانی ئەو ئازیزە خەسارەتێکی گەورە بۆ ریزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو. ئێمە بە بۆنەی گیان لە دەست دانی نابە وەختی هاوڕێ شەهاب پڕ بە دڵ سەرە خۆشی لە بنەماڵەی بەرێزی و هاوسەنگەرانی دەکەین و خۆمان لە غەمی ئەوان بە بەشدار دەزانین.

**کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**١٩ی پوشپەڕی ١٣٨٥ی هەتاوی**